**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٩/٧ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی**
**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٣**

**ماددەی (١):**
دەقی بڕگەی (٢) لە ماددەی (چوارەم)ی یاساکە هەڵدەوشێتەوە، و بڕگەکانی تری ماددەکە سەر لە نوێ ڕیزبەند دەکرێنەوە.

**ماددەی (٢):**
دەقی بڕگەی (١) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە، و بڕگەکانی تری ماددەکە سەر لە نوێ ڕیزبەند دەکرێنەوە.

**ماددەی (٣):**
دەقی ماددەی (هەشتەم)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
ماددەی (هەشتەم)
١- بازرگان دەتوانێت لەو ژوورەی شوێنە بازرگانییەکەی دەکەوێتە بازنەی تایبەتکارییەکانی ببێتە ئەندام.
٢- پڕۆژەی پیشەسازی دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ژوور.

**ماددەی (٤):**
پێویستە یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، تەواوی تۆمارنامەکان و داتابەیس و زانیارییەکانی پەیوەست بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی، لە ماوەیەک کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕنەکات لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، بگوازێتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**ماددەی (٥):**
پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٦):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٧):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو ڕێکخستنەوەی چالاکی بازرگانی و تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/١٠/٦**